www.kurdistannet.org
05/03/2003 12:32

# لەساڵیادی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا
# بەئیجازەی جەنابی بیێشکچی

پۆڵس-سلیێمانی

لەرۆژی ٥/٣ی ئەم مانگەوە دەکەوینە یادی ڕاپەڕینی پڕشکۆی خەڵکی کوردستانەوە، ئەو ڕاپەرینەی کە هەموو دامو دەزگا سەرکوتکەرو داپلۆسێنەرو کورد ترسێنەرەکانی دیکتاتۆری عیراق سەدامو رژێمەکەی ڕامالیی، ڕاپەڕین دوا هەوڵی خەڵکی کوردستان بوو بۆ رزگاربوونی لەخنکانی تەواو بەدەست رژێمی عیراقەوە، بۆیە هیچ کەس نابێت باسی ئەوە بکات کەپاڵەوانی ڕاپەڕین بووە.

ڕاپەڕین هەموو ئاسەوارێکی بەعسی ڕامالی تەنها یەك ئاسەوار نەبێت، کەلەهەموو کردەوەکانی تۆقێنەرتر بوون بۆ گەلی کورد، ئەویش (هەڵسوکەوتی بەعسیانە) یەو ئەم هەڵسوکەوتەش تەنها پەیوەست نییە بەبەعسەوە، بەڵکو ناسنامەیەکی ئەخلاقیاتی سیاسی خۆرهەلاتەو بەدرێژایی مێژووی ئەم ناوچەیەو لەناو کوردیشدا بەردەوامیی هەبووە، بەلام بەعس نازییەتو شۆڤێنیەتی تێکەڵکردو هەتا ئەم ساڵیادەی ڕاپەڕینیش کردوویەتیە گەردنی خەڵکی کوردستان.

**بۆ ڕاپەڕین؟**

کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبونەوەی شتێك یان یان لایەنێك، تەنها یەك هۆکار بۆ ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە نییە، خەڵکی کوردستان تەنها لەبەرئەوە ڕاپەرینیان نەکرد کەلەژێر پۆستاڵی دیکتاتۆری بێنە دەرەوە، بەڵکو بۆ ئەوەش ڕاپەڕینیانکرد کە حکومی بەدەست خۆی بێت، دادپەروەری کۆمەلایەتی بەرقەرار بکات، ڕای خۆی دەربڕێتو...، دوای تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا خەڵکی کوردستان مافی کام یەك لەو شتانەی هەیە؟ ئایاحوکمی سیاسیو دادوەری لەدەستی کێدایە؟ ئایەو ئایەو.... ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق کرا، من ئەو کاتە مافی دەنگدانم نەبوو، چونکە تەمەنی یاسایم نەبوو، بەلام سەیرەکە لەوەدایە کە دوای ١٠ ساڵو دوای ئەو هەموو تەپڵو مۆسیقایەی بۆ دیموکراسیی لێدەدرێت لەکوردستاندا من هەڵبژاردنێکی دیکەم نەبینیووە هەتا دەنگی تێدا بدەم. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە ماوەی ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە، کەچی هێشتا لای هەردوو حزبی دەسەلاتدار ماوەیەکی یاساییەو کاری پێدەکرێت، هەرچەندە لە ٢/١٠/٢٠٠٢ هەردوو فراکسیۆنی ئەنجومەنەکە یەکیانگرتەوەو بڕیار وابوو لەماوەی ٩ مانگدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەلام ئەوا نزیکەی ٥مانگی تیپەڕاندووەو هێشتا هیچ هەواڵێکی ئەم بەرنامەیەش نییە.

منالْ بووم ماڵمان لەلادێ بوو، ڕۆژێك دایکم نارەزایی لەدەستی ژیانو ئەرکی بەخێوکردنی پێشمەرگە دەربڕی لێپرسراوێکی بەڕێز کە ئێستا دەسەلاتدارە، وتی : پورێ تۆ ناتەوێ کوردستان رزگار بوو بۆرییەك نەوتو گاز لەماڵەکەتدا بێت؟

بەرنامەی هەر یەکێك لەحزبەکانی کوردستان تەماشا بکەیت (ئەگەر بەدێرێکیش بێت) چاوت بە دەستەواژەو لێکدانەوەیەك دەکەوێت کەباس لەدادپەروەری کۆمەلایەتی دەکات، ئێمە ڕاپەڕینمان کرد، بەلام هیچ کاتێك دادپەروەری کۆمەلایەتیمان نەبینی، کە یەکێك بوو لە بەرنامەکانی ڕاپەرین.

بەشێکی هەرە زۆری ئەو بەرێزانەی لەدەرەوە لێپرسراو بوون ئێستا ٢٠ هەزار هێندەی تر ئاستی لێپرسراوەتییان بەرز کراوەتەوەو ئەوەی باوەڕیان پێی نەبێت دادپەروەری کۆمەلایەتیە، تەنانەت هاوڕێو هاسەنگەرەکانی خۆشیان بەخەڵکی بێ کەڵكو زیادە تەماشا دەکەن، ئەمە بوو بەرنامەی دادپەروەری کۆمەلایەتی حزبە کوردییەکانو هەردوو حزبی دەسەلاتدار؟ ئەمە بوو بەرنامەی ڕاپەڕین؟ یەکێتیو پارتی هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەوەی کەوتنە هەڵدانەوەی برینە کۆنەکانی گەلەکەمان کە خۆیان دروستیان کردبوونو بەشێکی زۆری ئەوماوە ئازادو دیموکراتەی کە خەڵکی کوردستان هێنایە کایەوەو لەلایەن فڕۆکەکانی USAو uk ەوە دەپارێزرێت، بەشەری براکوژی ئەوانەوە تێپەڕێنراو تائێستاش خەڵکی کوردستان نازانێت شەڕ لەپێناوی چیدا کراو لەسەر چ بنەمایەکیش ئاشتی کرا؟ کام لێپرسراو هەیە لەکوردستاندا لەهەردوو حزبەکەو حزبۆکە پاشکەوتەکانیشیان ئاگایان لەکادری خوارەوەی خۆیان بێت؟

بەشی هەرە زۆری گەنجەکانی کوردستان کە دەیانزانی لەناو حزبەکاندا بەشیان هەرە خوارەوە دەبێتو دەکەونە ژێر پێوەو دەبن بەسووتەمەنی شەڕ، یان خۆیانکردە خواردنی ئیجە یان دوای چەندین ساڵ لەنەهامەتیو ژیانی ناخۆش لەیەکێك لەولاتەکانی ئەورووپا پەناهەندە گیرسانەوە. ئەمرۆ کە مەترسییەکە گەیشتۆتە قوڕقوڕاگەی هەردوو حزبی دەسەلاتدار بەپەلە خۆیان کۆدەکەنەوەو لیژنەی باڵاو هاوبەش دروست دەکەن بۆچی؟ هیچ کەس نازانێت؟ بەمەرجێك لەبەرنامەی گۆڕانیشدا کە بڕیارە ئەمریکا بیکات جێگەی خۆیان نازانن.

من دەتوانم گرەنتی ئەوە بەدەمە سەرانی کورد کە سوپای تورکیا (مەگەر وەك رابردوو پەلکێش بکرێت) ، ئەگەینا بەمەبەستی شەڕی کورد نایەتە کوردستانەوە، ئەوە حزبە کوردییەکانن دەیانەوێت هەمیشە ماشێنی شەڕ لێخوڕن هەتا لێپرساوە سیساییە گەندەڵەکانیان زیاتر گیرفان لەسەر حسابی خەڵك پڕ بکەن.

**لەیادی راپەڕیندا**

من وەك کوردێك شەرم دادەگرێت، ئەگەر بچمە ولاتێكو باس لەڕاپەڕینو دەستکەوتەکانی بکەم، خەڵکی کوردستان چ لەراپەڕینو دەستکەوتەکانی بکەن. خەڵکی کوردستان چی لەراپەڕین چنیەوە بێجگە لەنیمچە ئازادییەك نەبێت؟ کە بەخوێنی هەزارەها رۆڵەی خۆی بەدەستی هێناوە.

باشە بۆ دەبێت رەخنە لەڕاپەڕینی گەلی فەرەنسا بگرینو سەرکردەکانی بەخائین ناو ببەین، لەبەرئەوەی لەرەوتی راستی راپەرین لایاندا، بۆ رەخنە لەخۆمان نەگرین؟

لەدوای راپەرینەوە کامەیە دەستکەوتی حزبە گەورەو بچوکەکانی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان؟ شەڕی کوردکوشتن؟ پەلکێشکردنی ئەو سێ داگیرکەرەی ئەمانیش بەدوژمنی خۆیانیان دەزانی؟ هەزار بارەکردنەوەی هەموو هەڵسوکەوتەکانی بەعس بەجلو بەرگی کوردییەوە؟ یاریکردن بەهەستو نەستی خەڵکی کوردستانو فریودانی خەڵك؟ هەموو ئەمانەو هەزارەها شتی تریش کەرەنگە شۆڕبوونەوە بۆ ناوی زیاتر گەلی کورد پیس بکات.

حزبە کوردییە گەورەکان رۆژێك دەستیان لەشەڕ هەڵگرت کەبەرنامەی ٩٨٦ لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە جێبەجێکرا، چونکە پارەیەکی زۆری خستە دەست حزبەکانو ئەمانیش بەوریایی خۆیان توانیان شێوازەکانی لێکێشانەوەی پیادە بکەن، من بەخوێنی شەهیدەکانی کوردستان لێپرساوە پەیوەندیدارەکانی ئەم بەرنامەیەی UN سوێند دەدەم کە هەر مانگێك لەهەر پرۆژەیەکدا چەندە دەخورێت؟

خەڵکی کوردستان راپەڕینی کرد، بەڵام بێجگە لەزیانی گەورە، قازانجێکی بەرچاوی لێنەکردووە، هەموو هۆکارەکەشی هەمان پاشماوەی عەقڵی بەعس بوو لەسەر حزبو سەرکردەکان، هۆکارەکەی درۆی لێپرساوەکانمان بوو، هۆکارەکەی بەقۆنەرە زانینی بەهای مرۆڤی کوردو شەهیدو منداڵو گوندەکانی کوردستانو هەڵەبجە بوو.

نەفرەت لەڕاپەڕینی ئاوها! نەفرەت لەئازادیی ئاوها! نەفرەت لەدیموکراسی ئاوها! نەفرەت لەدادپەروەری کۆمەلایەتی ئاوها! نەفرەت لەمافی مرۆڤی ئاوها!

مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی بەرێز: پەشیمانم کەرژۆگارێك بڕوام بەوتەیەی تۆش هەبوو کە فەرموو بووت: خراپیترین ئیدارەی کورد لەباشترین ئیدارەی تورکو عەرەبو فارس بۆ کورد باشترە.

٣/٤

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣